خەبات
www.xebat.net
دوو شەممە 2017/3/20 ژمارە (5235)




# PKK و حزب الله، دوو ڕووی یەک دراون



**کاروان محەمەد**

پێدەچێ نیگەرانی و پەرۆشی جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ لەناو بردنی "داعش" وای کردووە زلهێز و هێزی هاوپەیمانان دیوی دیکە و مەترسی و هەڕەشەکانی دیکەیان لە بیر بچێت، یاخود لەبیر خۆیان بردۆتەوە!، ئەویش مەترسی میلیشیاکانی شیعە و PKKیە کە ئێران پاڵپشتیان دەکات لە لە دڤەرکەدا، هەروەها ئەم میلیشیانە بەو نیازە پاڵپش و ئامادە کراون کە پاش شەڕی "داعش" پلان و ئەجندایێکی تایبەت بە ئێران لە ناوچەکەدا جێ بەجێ بکەن.

بێ شک شۆڤینیەت و دیکتاتۆریەت و خۆپەرستی PKK لە لایەک و تایفەگەری و رقی مەزهەبی (هەندێک تاقمی) حەشدی شەعبی بەرامبەر سونەکان وای کردووە ئەم دوو میلیشا و گروپەکانیان بەنرخێکی زۆر کەم خۆیان بخەنە ژێر ڕکێف و خزمەتی ئەجیندای ئێران.نانەوەی کێشە و نائارامی لە شنکال لە لایەن PKK و (تاقمێکی) حەشدی شەعبی، بەشێکن لە و خزمەتەی ئەم دوولایەنە پێشکەش بە ئەجیندای ئێران دەکەن، ئەمەش بۆتە ئەگەری ئەوەی دەڤەری شنگال بێ بەش و بێ خزمەت و هاوکاری بمێنێتەوە لە لایەن حکومەتی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم ڕووەوە ڕۆژی پێنجشەممە 16/ 3 خاتوو "لیز گراند" بەرپرسی پرۆگرامەکانی UN لەعێراق ڕایگەیان کە شەڕ و ئاڵۆزییەکانی پێشوو و ئەم دواییەی دەڤەری شنگال هۆکاری سەرەکی بوون لە دواکەوتن و پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزارییەکانی UN بۆ دەڤەرەکە.

## زێدەڕۆیی PKK و میلیشیا شیعەکان

هەڵبەت "داعش" گوتاری تایفی و مەزهەبی دژ بە شیعە بەکارهێناوە بۆ چەکدارکردن و ڕاکێشانی شەڕڤانانی سونە بۆ لای خۆی. هەورەها شیعەکانیش بەردەوام گوتاری دژبەری سونەکانیان بەکارهێناوە بۆ هەمان مەبەست و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی "داعش". گومان لەوەدانییە کە"داعش" مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر کوردستان و (ئایندەی کوردستان)، هێرش و هەڕەشەکانی "داعش" بۆ سەرکوردستان دیار و ئاشکران و چەندین جار ڕاڤە و شلۆڤەمان بۆ کردووە بۆیە پێویست ناکات لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەین، بەڵام دیوی دیکەی مەترسییەکەمان بیرنەچێتەوە کە PKKـە و هەندێک لە تاقم و میلیشیا شیعەکانە کە هەمان مەترسی و دید و بۆچوونی "داعش"یان هەیە بەرامبەر کوردستان و (ئایندەی کوردستان)، بۆ نموونە هەر لە سەرەتای ساڵی 2017 تاکو 26/1/ 2017زیاتر لە پێنج جار چەند گروپێکی میلیشیاکانی "حشد الشعبی" سەنگەر و بارەگای پێشمەرگە لە دەڤەری شنگال یان بە هاون و کاتیوشا تۆپ باران کردووە، هەروەها ڕێگریان کردووە لە ڕێکخراوی خێرخوازی "دەزگای بارزانی" و ڕێکخراوی "یۆنیسێڤ" لە گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بۆ دەڤەری شگال و خانەسۆر و دەوروبەری. ئەمانە چەند ڕەفتارێکی نابەجێی حەشدی شەعبی بوون دژ بە پێشمەرگەی کوردستان لە کاتێکدا پێشمەرگەر و سوپای عێراق لەیەک سەنگەردان بۆ لەناو بردنی "داعش" و پاراستنی خاکی عێراق بەشێوەیەکی گشتی. هەروەها تاقمێکی گومان لێکراویPKK کە ناوی (یەکەکانی بەرگری شەنگال YBS-ingal) لە خۆناوە و دوورن لە هەموو بنەما و پیرۆزییەکانی ئاینی ئێزدی و دژایەتی هەڵوێستی کوردانە جوامێرانەی میری ئێزدیان و مەجلسی روحانی ئێزدیاتی و ئێزدی خان دەکەن، ئەم تاقمە گومان لێکراوە لەهەنگاوێکی گومان لێکراودا (کە دواتر بەرێز شێخ سەمیر بابەشێخ هەڵوێستی گومان لێکردنی خۆی ڕاگەیاند) لە 24/1/2017 سەردانی ئێرانیان کرد و پێنج ڕۆژ لەوێ مانەوە و چاویان کەوت بە عەلی ئەکبەر ویلایەتی شێورمەندی ڕابەری ئێران و هەروەها چاویان کەوت بە جێگری وەزیری خارجیە و هەروەها ئیرەج مەسجدی باڵیۆزی نوێی ئێران لە بەغدا کە سەرکردەیەکی سەربازییە و شێوەرمەندی سەربازی "قاسم سلێمانی" بەرپرسی سوپای پاسداران و بەرپرسی چالاکییە سەربازییەکانی ئێرانە لە عێراق و سوریادا. شایانی باسە هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەکانی ئەم شاندە گومان لێکراوە لە ئێران (واتە لە 24/ 1 تاکو 26/1/2017) تاقمێکی میلیشیای "حشد الشعبی" زیاتر لە پێنج جار سەنگەر و بازگەو و بارەگاکانی پێشمەرگەیان لە شنگال و خانەسۆر تۆپ باران کرد، ئەمەش بویەرێکە بۆتە جێگای سەرنج و تێبینی و هەڵوەستە کە ناکرێ بەبێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون تێپەڕێت. ئەمەو چەندین هەڵوێستی دیکەی PKK و چەتەکانی (YBS)کە گرووپێکی سەرلێشاواون و خۆیان بە کورد نازانن و پەیوەست نین بە پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان و ئایندی کوردستان، ئەم تاقمە بونەتە "تڤەنگێکی هەرزان بۆ کرێ" لەناوچەکەدا، ئامازە بە لێدوانەکانی بەرپرسانی YBS،(سعید حسن) لە 3/3/ 2017 بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی (أفاق) ڕایگەیاند کە ئەم تاقمە چوونەتە پاڵ میلیشیاکانی "حشد الشعبی"، و ئەوان دژی سەربەخۆ کوردستانن و لە لە ژێر فەرمان و چوارچێوەی ئەرک و کردارەکانی حەشدی شەعبی کاردەکەن، هەروەها ناوبراو لە 1/4 ڕایگەیان کە حکومەتی عێراق مووچەی 500 شەڕڤانیان بۆ خەرج دەکاتلە گەڵ هەندێ هاوکاری دیکە. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی دەڤەرەکە و خودی شەڕڤانانی YBS بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان ئاشکرا کرد کە بەردەوام ئەفسەرانی ئێرانی و بەرپرسانی (حشد الشعبی) بەهەلیکۆپتەری عێراقی سەردانی بارەگاکانیان دەکەن و لە گەڵ (هەردوو بەرپرسی YBS، سعید حسن و حزر صالح) کۆدەبنەوە، بەتایبەت ڕۆژانی 1و 2مانگی ئادار واتە ڕۆژانی پێش ڕووبەڕووبونەوەی YBS، لە گەڵ پێشمەرگەی (ڕۆژ)، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (شرق الاوسط)ی لەندەنی ڕۆژی 5/3 لە ڕاپۆرتێکدا لێدوانی خەڵکی دەڤەرەکە و شەڕڤانانی YBSبڵاو کردۆتەوە.

## هۆکاری ئاڵۆزییەکانی دەڤەرەکە بەگشتی

هەڵەکانی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا (ئیدارەی ئۆباما) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەتایبەت لە سوریا و عێراق و کشانەوەی نامۆ و ناوەختی ئەمریکا لە عێراق و دوورەپەرێزیان لە شەڕی سوریا، ئەمانە هۆکار بوون لە نائارامی و شڵەژانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت عێراق و سوریا. بەڵام لەگەڵ ئەم هۆکارانەی سەروەشدا دەکرێ دوو خاڵی سەرەکی بخەمە ڕوو کە لەم سێ ساڵەی دواییدا بوونەتە ئەگەری ئەوەی ئەم دەڤەرە بکەوێتە نێو چەند ڕیانێکی نائارام و شڵەژاودا.

**خاڵی یەکەم:** ڕاگەیاندنی (دەولەتی ئیسلامی عێراق و شام "داعش").

**خاڵی دووەم:** ڕەنگدانەوە و کاریگەری ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و وڵاتانی 5+1 کە لە 14ی تەمووزی 2015 ئیمزاکرا.

لە کاتێکدا ئەمریکا و ئەوروپا سەرقاڵی ئەم دوو بوویەرە بوون و ڕەنگدانەوەی کاریگەری ئەم دوو بوویەرە بەسەر دڤەرەکەدا، لەوکاتەدا ئێران بەشێوەیەکی سیستماتیک کاری دەکرد بۆ وەدەست هێنانی ئامانجی سەرەکی خۆی لە دەڤەرەکەدا ئەویش باڵکێشان بوو بەسەر هەرێمەکەدا و بەستنەوەی ئێران بە خوارووی لوبنان لە ڕێگای عێراق و سوریاوە، ئینجا بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی خۆی ئێران پێویستی بەوەیە کە ڕێرەوێکی گەیێنەری جوگرافی فەراهەم بکات کە (ئێران و عێراق و سوریا و لوبنان) بەیەکەو ببەستێت، بۆ ئەم مەبەستەی ئێران پێویستی بە کۆنترۆڵ کردنی بڕیاری سیاسییە لە هەرسێ پایتەختی (بەغدا و دیمەش و بەیروت)، گومان لەوەدانییە کە بڕیاری سیاسی لەهەرسێ پایتەخت (بەغدا،دیمەشق،لوبنان) لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە،بەڵام شایانی باسە دەربارەی کۆترۆڵ کردنی بڕیاری سیاسی "عێراق" بێگومان ئێران پێویستی بە دەستەمۆکردنی "هەولێر" دەبێت، چونکە ڕێگا و مەودای جوگرافی نێوان تەلەعفەر و سنوری سوریا (خاڵی ئوم جریس) ئەم پارچە ڕێگایە بەشنگالدا تێدەپەڕێت بەرەو (دێرە زۆر)ی سوریا، ئەم ڕێگایەش لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە لە شنگال، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی "حشد الشعبی" و PKKو YBتۆپباران و دژایەتی پێشمەرگە دەکەن لە شنگال و سنووری سوریادا، هەڵبەت بۆ کۆنترۆڵ یاخود دەستەمۆکردنی ئەم پارچە ڕێگایەیە.

## حزب الله ئامرازێکی دیکەی ئێرانە

پلانی ئێران بۆ باڵکێشان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەرلە سەرەتای دروستبوونی دەولەتی ئیسلامی ئێران دەستی پێکردووە لەساڵی (1979)، بۆیە لە پێناو وەدەست هێنانی پاڵپشتی شیعە لوبنانییەکان لەساڵی 1982 ئێران "حزب اللە"ی لوبنانی دامەزران، لەسەرەتادا ئێران بانگەشەی ئەوە دەکرد کە دامەزراندنی ئەم حزبە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئیسرائیلە، ئەگەرچی ئێران وەکو تاکە دەولەت و دەسەڵاتی شیعە مەزهەب سەنگ و گرنگی خۆی هەبوو لە نێو کۆمەڵگەکانی شیعە مەزهەب لە هەموو وڵاتاندا، بەڵام سەنگ و خۆشەویستی ئێران لە نێو شیعەکانی لوبنان سەرکەوتوو و بەردەوام نەدەبوو ئەگەر "حزب اللە" بەستراتیجیایێکی نوێ شوناسی شیعەگەری لەناو شیعەکانی لوبنان ریفۆرم نەکردبا، بۆ ئەم مەبەستە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە "حزب اللە" بە ستراتیجیایێکی سیاسی تایفی دەستیکرد بە ریفۆرم کردنەوەی شوناسی شیعەکانی لوبنان و مسۆگەر کردنی پاڵپشتیەکی (عەقائدی)پیرۆز و پەیوەست بە تایفەگەری. ستراتیجیا تایفییەکەی"حزب الله" لەسەر سێ بنەمای سەرەکی پێرەو کرا:

**یەکەم ـ لە ڕووی ئابوورییەوە:** "حزب الله" بە هاوکاری ئێران توانی ئابوورییەکی سەربەخۆ و جودا لە ئابووری دەوڵەتی لوبنان بینابکات و خزمەتگوزاری دارایی و کۆمەڵایەتی تەنها پێشکەش بەکۆمەڵگای شیعە مەزهەبی لوبنان دەکرد، ئەمەش بووە ئەگەری ئەوەی شیعەکانی لوبنان تەواو پشت ببەستن بە "حزب الله" و پشت بکەنە دام و دەزگاکانی حکومەتی لوبنان، بەم شێوەیە "حزب الله" بووە پارێزەر و بەخێوکەری ئەوان. ئەمەش ئەرکێکی ئاسان بوو بۆ "حزب الله" چونکە شەڕی ناوخۆی لوبنان (ئەوکات) دامودەزگاکانی لوبنانی تەواو بێ هێز کردبوو.

**دووەم ـ** لەپێناو پێگە و پیرۆزی خۆی "حزب اللە" کار و خەباتی خۆی بەستەوە بە یادوەریی و پیرۆزییەکانی مەزهەبی شیعەوە، هەروەها ئەرک و خەباتی خۆی پێگیر و پەیوەست کرد بە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو زوڵم و زۆرییەی کە لە (ئیمام حوسێنی کوری عەلی) کرا لە شەڕی "کەربەلا" ساڵی (780ز) لە لایەن خەلیفە (سوننی) یەزیدی کوری معاویە کاتێک "یەزید" لەشکری نارده سەر (ئیمام حوسێنی کوری عەلی)، لەوکاتەوە ئەگەری ئەم شەڕە بۆتە جێگەی ناکۆکی مێژووی و ئاینی نێوان شیعە و سونە، بەم شێوەیە ئێران و "حزب الله" زۆر بەباشی ئەم فاکتەرەیان قۆستۆتەوە بۆ بووژاندنەوەی پێگە و پیرۆزی خۆی لە نێو شیعەکان بەگشتی و شیعەی لوبنان بەتایبەتی.

**سێیەم ـ لەڕووی سیاسییەوە:** "حزب الله" سیاسەت و ئایدیۆلۆجیای خۆی بەستەوە بە ئایدیۆلوجیا و سیاسەتی ئێران کە ئایدیۆلۆجیای "ویلایەتی فەقی"ـە، ئەم ئایدیۆلۆجیایە ڕێگە دەدات بە "فقیە" واتا زانای ئاینی کە لە هەموو ڕوویێکەوە (سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئاینی و کۆمەڵایەتی) وڵات بەڕێوە ببات و کۆنترۆڵی بکات، ئەم هەڵوێستەی "حزب الله" هەلێکی باشی پێ بەخشی کە متمانە و ڕەزامەندی ئێران بکرێ و خۆی لەژێر باڵی ئێراندا بپارێزێت و سود لە هاوکاری و بەخششەکانی ئێران وەرگرێ، لە لایەکی دیکەشەوە "حزب اللە" هەموو بۆنە و یاد و بیرەوەرییە ئاینییەکانی شیعەی دەقۆستەوە بۆ ئەنجامدانی پڕۆپاگەندا و چالاکی سیاسی و وەدەست هێنانی ئەندام و پاڵپشتی لە نێو کۆمەڵگای شیعەکانی لوبنان. بەم شێوەیە "حزب الله" روخسارێکی سیاسی توندرۆی بە کۆمەڵگای شیعەکانی لوبنان بەخشی و سیاسەت و مێژووی تایفی و مەزهەبی هەموویان ئاوێتەی یەکتر بوون و پێگە و روخسار و گوتارێکی (ئاینی پیرۆز) بۆ "حزب الله" دروست بوو. ساڵی 2006 لە شەڕی دژ بە ئیسرائیل "حزب اللە" بەم گوتارە (پیرۆزەی ئاینی) سەرکەوتنی (ئیلاهی) خۆی بەسەر ئیسرائیلدا ڕاگەیاند، ئەمەش بووە ئەگەری ئەوەی شیعەکانی لوبنان هەموو کار و کردەوەکانی "حزب الله"یان بە ئەرکی ئاینی و پیروز بزانن. بەڵام کاتێک ئێران "حزب اللە"ی خزاندە نێو شەڕی سوریا، دۆخەکە گۆڕاو و گوتاری ئاینی و پیرۆزی "حزب اللە" دارما، ئەگەرچی لە سەرەتاوە پەشێوی و نارەزایی ڕای گشتی کۆمەڵگای شیعەی لوبنان بەوە چەواشەدەکرا کە شەڕ لە سوریا هاوشێوەی شەڕی "کەربەلا"ـیە و بەرگرییە لە شوناسی هەموو شیعەکان و ڕێ خۆشکەرە بۆ بەدەرکەوتنی "ئیمام مەهدی"، بەڵام پاش زیادبوونی ژمارەی کوژراوانی شیعە لە سوریا، شیعەکانی لوبنان بۆیان ئاشکرابوو کە گوتار و پیرۆزی "حزب اللە" چەواشەکردن و بەکارهێنانی ئەوانە لە شەڕی سوریادا.





## ئەجندای ئێران لە دەڤەرەکەدا

بێگومان بیناکردنی هێزێکی چەکداری شیعەگەری و بەخێوکردنی میلیشیای شیعە وەکو حەشدی شەعبی و (حزب اللە)ی لوبنانی و یەکەکانی بەرگری شەنگال (YBS) و یەکەکانی پاراستنی ژنانی شەنگال (YPJ-ingal) لە لایەن ئێرانەوە کە ساڵانە بەملیۆنەها دۆلاری تێدەچێ هەروا ئاسایی و بۆ خاتری چاوی ئەوان نییە، بەڵکو ئێران بەم هەڵوێستەی پلان و ڕەهەند و ستراتیجیا و ئامانج و ئەجیندای ئەقلیمی خۆی هەیە. لە بیرمانە روخاندنی "تاڵیبان" لە ئەفغانستان و ڕژێمی "صەدام" و گەیشتنی شیعەکان بە تروپکی دەسەڵات لە عێراق، ئەمانە بوونە ئەگەر و هۆکار و ڕێ خۆشکەر بۆ دەستپێکردنی ئێران ڕووەو ئامانج و ئەجندای خۆی و باڵکشان ڕووەو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوروبەری سعودیا. بێ شک نەمانی "تاڵیبان" و ڕژێمی "صەدام" کە پاڵپشتی سوننەکانیان دەکرد، نەمانی ئەوان بووە ئەگەری سستی و گۆشەگیری سعودیا لە دەڤەرەکە، لەبەرامبەردا دەسەڵاتی تایفی و سیاسی و سەربازی ئێران لەم هەرێمەدا پەرەی سەند و پێشڤە چوو. بێ گومان ئەم دوو هۆکارە و چەندین هۆکاری دیکەش ڕژانە نێو تەرازو و سەبەتە و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە دەڤەرەکەدا و کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبوو لە پێشڤەچوونی دەسەڵاتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کە ئێستا بۆتە هۆکاری نائارامی دەڤەرەکە و جێگای نیگەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. پێم وایە ئەو هۆکارانە هەروا ڕەمەکی و ڕێکەوت نەبوون؟!، بەتایبەت ئەگەر سەرنجی ئەوەمان دابێت کە لەناو بردنی "تاڵیبان" و "صەدام" بە بڕیار و سەرکردایەتی ئەمریکابووە، لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ (ئایا ئەمریکا هەڵەی کرد، یاخود پلانەکەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێ ئاوایە؟!) پرسیارێکە و وەڵامەکەی لەڕووی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسیەوە تاکو ئێستا گەڵاڵە نەبووە، ئەگەرچی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 15/ 3شازادە محەمەد کوری شا سەلمان شانشینی سعودیا سەردانی ئەمریکای کرد و چاوی کەوت بە دۆناڵد ترامپ، لە ئەنجامدا هەردوولا هاوڕابوون بەوەی کە ئێران هەڕەشەیە بۆسەر دەڤەرەکە. وێدەچێ لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕەوشی سیاسی و سەربازی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ململانێی شیعە و سونە و سیاسەتی ئەمریکا و کاریگەرییەکانی بەسەر دەڤەرەکەدا زیاتر ڕوون و ئاشکرا ببێت. بەهەرحاڵ... پاش ڕوخانی ڕژێمی "سەددام" ئێران هەلێکی زێرینی بۆ ڕەخسا و دەستوبرد ئەجیندا و ستراتیجییەتی چاوەڕوانکراوی خۆی گرتەبەر بۆ باڵکێشان بەسەر عێراق و ناوچەکەدا بەتایبەت دەوروپشتی سعودیا، دەتوانم بڵێم تاکو ئێستا ئێران سەرکەوتوو بووە لە باڵکێشانی بەسەر عێراق و سوریا و لوبنان دا.

## ڕۆڵی نەرێنی PKK

هەڵبەت میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەدەڤەرەکەدا وەکو حشدی شەعبی و (یەکەکانی بەرگری شنگال YBS) و (یەکەکانی پاراستنی ژنانی شنگال YPJ-ingal)کەسەر بە PKKـەن و هەروەها حزب اللە و شیعەکانی ئەفغانستان و پاکسان کە بە "فاتمییەکان" ناودەبرێن، ئەمانە هەموویان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەبووە لە پەیڕەوکردن و جێبەجێ کردنی ئەجیندای ئێران، تەنانەت (یەکەکانی بەرگری شنگال YBS)و (یەکەکانی پاراستنی ژنانی شنگال YPJ-ingal) و PKK لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هاوئاراستە بە ئەجیندای ئێران پشێوی و نائارامیان لە دەڤەری شنگال نایەوە و ڕاستەوخۆ بەچەک ڕووبەڕووی پێشمەرگە بوونەوە و دواتر بێ گوێدان بە دەرەنجام و مەترسییەکان بەسەر ژیانیان هاوڵاتیان، خەڵکی سڤیلیان هاندا و ناردیانە سەر زاڵگە و پێگە و بارەگاکانی پێشمەرگە بۆ ڕەخساندنی هەڵ و بوارێکی نائارام لە ناوچەکە و دەست بەسەردا گرتنی ڕێگای تەلەعفەر ـ شنگال ـ سنووری سوریا. بێشک هەموو ئەم کردەوانە تەنها و تەنها بۆ پاوانکردنی دەڤەرەکەیە لە پێناو جێبەجێ کردنی پلان و ئەجنداکەی ئێران، لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەم ئەرکە تەنها بە حەشدی شەعبی بسپێردرێ، چونکە دەبێتە ئەگەری شەڕی شیعە و پێشمەرگە ئەوکات ڕەهەندێکی شەڕی (کود و عەرەب) وەردەگرێ، ئەوسا نارەزایی لەلایەن هەموو کوردانی جیهان سەرهەڵدەدات، هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هێزی هاوپەیمانان (کە پێشمەرگەی تێیدا هاوپەیمانێکی سەرەکییە) ئەمەیان پێ قوبڵ نابێت و ڕاستەوخۆ تەدەخول دەکەن، ئەوکات پلانەکەی ئێران نوشست دەهێنێ. بەڵام ئەگەر (یەکەکانی بەرگری شنگال YBS) و (یەکەکانی پاراستنی ژنانی شنگال YPJ-ingal)و PKK ئەو بەشە ڕێگای شنگال کۆترۆڵ بکەن و شەڕی پێشمەرگە بکەن، ئەوکات شەڕەکە ڕوخساری کێشەیەکی نێوخۆی کوردستان وەردەکرێ کەسیش تەدەخوڵ ناکات، (PKK) و ئێران ئەم ڕاستییە باش دەزانن بۆیە پێیان وایە شەڕی براکوژی بژاردەیە باشە لە خزمەتی پلان و ستراتیجیەکەی ئێران لە دەڤەرەکەدا، بۆ ئەم مەبەستەش (PKK) لەپێناو بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆی (کچانی خۆی دەکاتە قوربانی کورانی ئێران) بێشەرمانە دەخوازێ ڕووبەڕووی پێشمەرگەی (ڕۆژ) ببێتەوە پەلکێشی ناو شەڕی براکوژیان بکات، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆی ڕۆژئاڤای کوردستانیش، PKK و PYD و YPGبەم دواییە هۆڤانە کەوتوونەتە گیانی خەڵکی ڕۆژاڤا و ڕۆژانە چەندین کردەی دەستگیر کردن و ڕفاندنی چالاکوانی مەدەنی و لایەنگر و کادیرانی حزب و پارتەکانی دیکەی کوردی ئەنجام دەدت ، هەروەها ڕۆژانە سوتاندن و تاڵانکردنی بارەگاکانی پارتەکان کردۆتە پیشەی خۆی، ئەم هەڵوێست و ڕەفتارەکانی PKKتەنها و تەنها لە پێنا و خزمەت و جێبەجێ کردنی ئەجیندای ئێرانە لە دەڤەرەکەدا ، لەبەرامبەریشدا PKK ڕەزامەندی و دەست لەپشتدانی ئێرانی بەرکەوێ. جائەگەر هەوڵەکانی PKK و میلیشیا شیعەکان و پلانەکەی ئێران سەربگرێت، ئەوکات بیردۆزی (هیلال الشیعی) یاخود ڕێگە و ڕێرەوی (تەهران - بەغدا کە بەشەنگالدا تێدەپرێت بەرەو دیمەشق ـ بەیروت) ئامادە دەبێت، ئینجا ئەم ڕێگایە یاخود ئەم ڕێرەوە جوگرافیایە دەبێتە ئامرازێکی سەرەکی و کاریگەر بۆ باڵکشانی ئێران بەسەر ناوچەکەدا و پاڵپشتی کردنی هێزە سەربازییەکانی خۆی و ئەو میلیشیا شیعانەی کە سیاسەت و ئەجندای ئێران پەیڕەو دەکەن. شایانی باسە تەنها کۆسپ و ئاستەنگ کە تاکو ئێستا بۆتە ئەگەری نشوست هێنانی ئەجینداکەی ئێران بریتییە لەبوونی پێشمەرگە لە دەڤەری شنگال و سنوری سوریادا، هەر ئەمەشە هۆکاری سەرەکی شەڕفرۆشتن بە پێشمەرگەی (ڕۆژ) لە لایەن PKK و حەشدی شەعبییەوە، هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد. لە کۆتاییدا.... پێویستە PKK بیر لە بەرژەوەندی گشتی کورد و کوردستان بکاتەوە (ئەگەر هۆشێکیان لەسەر مابێت) بەر لەوەی بیر لە بەرژەوەندی تەسکی خودی خۆیان بکەن، کاتێک کوردستان ئازاد و سەربەخۆدەبێت ئەوکات هەموو لایەنێک و هەموو خەڵکی کوردستان بە کورد و نەتەوەکانی دیکە هەموویان بەمافی سیاسی و کەسی و بەرژەوەندییەکانی خۆیان شاد دەبن و کوردستان بەشی هەموان دەکات.